# ڕەوانەکردەنی پێشمەرگە بۆ بەغدا، بەرانبەر چی..؟

دارامەحمود
darachimen@hotmail.com

دوای بێنەوبەرە، ڕەتکردنەوەو سەرلێشێواندنێکی زۆر لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە، سەرەنجام ڕوونبۆوە کە سێ لیوای پێشمەرگە ڕەوانەی بەغدا دەکرێن. ئەمە بێ ئەوەی هیچ کاممان بزانین چما تا چەند ڕۆژ پێش لەزاری بەڕێز مەسعود بارزانییەوە ڕادەگەیەنرا کە کورد ناچێتە ناو شەڕو ململانێی نێوان شیعەو سونییەوەو دەبێ لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا چی ڕوویدابێ کە کوردی ناچارکردبێ لەو بۆچوونە پەشیمان بوبێتەوەو هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی دۆزەخی شەڕ بکات..؟

جارێ بەرلەهەرشت ئەوەی پێشمەرگە لە بەغدا چییان لەدەست دێت و ئاستی کاراییان تا چ ئەندازەیەک دەبێت خۆی لەخۆیدا جێگای پرسیارو گومانی زۆرە. بەڵام با لەوەگەڕێین و ئەگەر ناچاریش بین مل بۆ ئەمە بدەین کە کورد پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیەو هاوپەیمانێتیش بەواتای دان و ستاندن. یانیش لەبەرچاوگرتن و بەرژەوەندی هاوپەیمان و هەڤاڵبەند بەرانبەر مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆ لە شوێنێکی تردا. ئەوەڕووبەڕووی ئەو پرسیارە گرنگە دەبینەوە کە کورد بەرانبەر چی پێشمەرگەی خۆی بەکوشت دەدات و بۆچی دەچێتە ناو شەڕێکەوە کە هی ئەو نییە..؟ ئایا دەستکەوتێک لەبەرانبەر ئەمەدا هەیەو ئەگەر ئا ئەو دەستکەوتە کامەیە..؟

بەڵام وادیارە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان هەروەک پێی ڕاهاتووین بڕیارە گرنگەکانی خۆی بەدزی و لەپشتی پەردەوە دەدات و دەبێ خەڵکی کورد هەواڵە گرنگ و چارەنووسسازەکانی ناو خۆی لەزاری بێگانەوە ببیستێ..! لەمەش بەولاوەترو دەردناکتر هێشتا دەسەڵاتداران و بەرپرسانی هەرێم خەریکی خۆڵ لەچاوکردنی خەڵکی و بەهەڵەدا بردنیانن و دوای ئەوەی سەرەتا هەر هەواڵێکی لەمجۆرەیان بەدرۆدەخستەوە، ئێستا بەشەرمەوە دەبێژن ئەو هێزانە سەربەوەزارەتی بەرگری عیراقن و لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدانین. ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە ئەو سێ لیوایە بەخۆڕایی و بێ هیچ بەرانبەرو ڕێکەوتنێک دەنێردرێنە ناو شەڕ. و ئەگەر توندو تیژی شەڕەکان و ئاستی لەشیرازەدەرچوونی باری ئاسایشی بەغداش لەبەرچاو بگرین ئەوە بەداخەوە دەبێ هەر لەئێستاوە تابووت بۆ ئەو پێشمەرگە بێچارانە دروست بکرێت.

لایەنێکی تر کە جێگای پرسیارو سەرنجە ئەمەیە کە ئەوە یەکەمین جارە دەسەڵاتی هەرێم ڕادەگەیەنێت لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە هێزی پێشمەرگە هێزی سەربازی(کورد) سەربە وەزارەتی بەرگری عیراق و لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم لە کوردستاندا هەبن و ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیاسەتە ڕاگەیەنراوەی پێشدانە کە گوایە هەرهێزێکی سوپای عیراق دەبێ لەسەرداوای حکومەتی هەرێم بێتە ناوچەکەو ئەرکی پاراستنی سنوورو ئاسایشی هەرێم لە ئەستۆی پێشمەرگەیە. ئەگەر وایە ئەو هێزانە چی دەکەن لەکوردستانداو حکومەتی هەرێم کەنگێ داوای کردوون و بەچ مەبەستێک..؟ هێزی سوپای عیراق چ کورد بن یان نا کاتێک لەژێر فەرمانی حکومەتی هەرێمدا نەبن ئیتر جیاوازییەک لەئارادا نییەو ئەو ناکۆکییەش ناشارێتەوە کەلە پرسەکەدا هەیە.

ئەوەی جارێکی تر لەم کێشەیەدا بەرچاودەکەوێت چەند خاڵە. لەمانە: دەسەڵاتی سیاسی کورد وەک هەمیشە، ڕاستییەکان لەخەڵک دەشارێتەوەو بەچاوبەستەکی و دیزەبەدەرخۆنەکردن بڕیارەکانی خۆی تەنانەت لەدەرەوەی پەرلەمان کە نوێنەرایەتی خەڵکییە، دەردەکات، وئیدارەی کێشەکان دەکات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. هەروا وەک دەردەکەوێت ئەو دەسەڵاتە هێشتا لە پرسی هەڤاڵبەندیدا خۆبەخشانە، یان تەنیا بۆڕازیکردنی هەڤاڵبەند کە ئەمەریکایە نەک بەدەستخستنی بەرژەوەندییەکی

دیاریکراو ڕەفتاردەکات. کە لێرەدا خودی هەڤاڵبەندییەکە بۆتە ئامانج نەک ئامراز. لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هەر لە ئێستاوە دەخوازێ خۆی لەژێر باری بەرپرسیارێتی دەربازکات و سەرنجی خەڵک بەلایەکی تر دا بەرێت.

بەڵام ئەم ڕەفتارە بەهەر پاساوێک بێت و ڕاستییەکان هەرجۆرێک بن، شپرزەیی و بێ سەرەوبەرەیی کاروبارەکانی ئەو دەسەڵاتە ناشارێتەوە. و بەم کارە کێشەیەکی چەندلایەنە بۆخۆی دروست دەکات کە نەپێویستی پێیەتی و نە هیچ گرفتێکیشی بۆ چارەسەردەکات.

2007/1/9